سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا کەبووەو

ئەمە چوارشەممە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داڤۆس، لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا کەبووەو، و هەرش و پێلامارەکانی ئێرانیان بە سەر هەولێر تاوتوێکرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە راگەیانراوەکدا باویکردووە: ئەمە چوارشەممە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داڤۆس، لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا کەبووەو.

ئاشکراشیکرد: تەوەرەکی سەرەکی کەبوونەوەکە تایبەت بوو بە هەرش و پێلامارەکانی ئێران بە سەر هەولێر کە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بە سەر هەرێمی کوردستان و پێشێلکاریەکی ئاشکرای سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستانە. هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و هەرێمی کوردستان.

هاوکات ماکرۆن هاوخەمیی قووڵی خۆی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێم گەیاند و پشتگیریی تەواوی وڵاتەکەی بە هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.

لەبەرامبەردا سەرۆکی حکومەتی هەرێم سوپاسی ماکرۆن و فەرەنسای کرد بە هاوخەمیی و پشتیوانیی بەردەوامیان لە هەرێمی کوردستان کە لە قۆناخێ جیاوازەکاندا، فەرەنسا هەمیشە پشتیوانیی لە گەلی

کوردستان کردووە.

هەر لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە، کە گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرەمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بە شێوەیەکی بنەڕەتی و لەسەربنەمای دەستوور، تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو.